# هەڵوێستەکانی مامۆستای شۆڕشگێڕ دڵشاد مەریوانی... جەلال ڕەوف ئەمین

ڕێگەم بە خۆم نەئەدا بە بیرەوەریەکی بچکۆلە و زانیاریەکی کەمەوە بێمە ناو ژیانی پڕ لە تێکۆشانی مامۆستا مەریوانی، چاوەڕوان بوم لە ڕێگەی هاوڕێکانیەوە تەواوی هەڵوێست و سەروەریەکانی ببیستم بەڵام بەداخەوە ڕوداوەکان بە پێچەوانەی چاوەڕوانیمان لە کوردستاندا گوزەر دەکەن... ئەوە دوو جارە لە ماڵپەڕی کوردستان نێتدا ئەبینم لە سەر مامۆستای جوانە مەرگ دەنوسرێ بۆیە منیش بە پێویستم زانی ئەو کەمە زانیاریەی هەمە لەسەر ئەم ئەستێرە گەشەی ئاسمانی کوردایەتی و ڕۆشنبیری وەک خۆی بگەیەنم:- لە ساڵی (985- 986) دا لە ئامادەی هەڵگورد خوێندکار بوم مامۆستا دڵشاد وانەی کوردی دەوتەوە لەبەر ئەوەی من لەو ساڵانەدا خەریکی خەباتی نهێنی و بەرپرسی خەتی (3) ی پارتی دیموکراتی کوردستان بوم ئەمویست لەو ڕوداوانە بگەم کە پەیوەندیان بە کاری ئەو کاتەمەوە هەبوو هەرکاتێک وانەی مامۆستا دڵشادیشمان هەبوایە خۆم ئامادەی کۆمەڵێک پرسیار دەکرد بۆی، ڕۆژێک پرسیم مامۆستا نامەوێت هیچم بۆ باس بکەیت لەوەی ڕویدا دەربارەی بەڕێزت و پارێزگاری سلێمانی تەنها مەبەستمە بزانم بۆ هاتیتەوە ئەو ڕوی لەهەموو خوێندکارەکان کرد و وتی (باوەڕ بکەن نەم ئەتوانی دور لێرە و لەم شارە بژیم ئەو کاتەی لەولا بوم خۆزگەم ئەخوارد بەو کاتەی لەبەردەرگای سەرا قوات خاسەیەکی عەرەب داوای تەسکەرەم لێدەکات) ئەو ئەیویست بڵێ خۆزگەم بە ناخۆشترین کاتەکانیش دەخواست، لەو ساڵەدا مامۆستا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کەدەبێ هەموو خوێندکارەکان کوردی لاتینی بنوسن و بخوێننەوە، ڕۆژێک پرسی کێ ڕۆژانە دەخوێنێتەوە منیش یەکێ بوم لەوانەی دەستم هەڵبڕی پێی وتم تازەترین کتێبی دەرچوو کامەیە وتم (سلێمانی لە نێوان دوێنێ و ئیمڕۆدا) وتی لاپەڕە ئەوەندە *کۆمەڵێک وێنەی تێدایە بینیوتە وتم بەڵێ وتی کەواتە تۆ چ جیاوازیەک دەبینی لە نێوان سلێمانی ئەوسا و ئێستا بگرە ئەوسا خۆشتر بووە، من ئەوەندە پرسیارەکانم زۆر ببون لە مامۆستا ناچار بوم لە کۆتایی ساڵی خوێندندا لیستێک پرسیارم دایە دەستی کاتێک نمرەی چونە بەکالۆریم وەردەگرت خانمێک نمرەکانی دەدا نازانم مامۆستابو یان نا هاتە سەرەی من وتی بچۆرە ئەو لاوە جارێ وتم مامۆستا من ئیتیحادی نیم چونکە خوێندکارە ئیتیحادیەکان ئەچونە ئەو لاوە ئابونەیان دەدا وتی ئەزانم ڕاسپاردەیەکم پێیە بۆ تۆ لەناو جانتاکەیدا نامەیەکی دەرهێنا و دایە دەستم کە نامەکەم بینی زۆر خۆشحاڵ بوم لەبەر ئەوەی لەو باوەڕەدا نەبوم کە مامۆستا من و پرسیارەنامەکەی لەبیر مابێ و ماوەیەک بەینی هەبوو خۆزگە ئەو نامەیە بمابایە بەڵام بەداخەوە لەساڵی (988) دا کە پێشمەرگە بوم لە ڕیزی پارتیدا ئەو نامەیە و سەدان کتێبی ترم لە گوندی قەڵای تەپەگەڕوس کەوتنە بەر شاڵاوی ئەنفال و تاڵانی، نامەکە جگە لەوەی هاندانێک بوو بۆ خۆشەویستی گەل و نیشتمان ئاماژەی بە کۆمەڵێک کتێبی کوردی و عەرەبی دابوو کە خوێندنەوەیان زۆر پێویستە یەکێک لەوانە کتێبی (برا کوژی) بوو، ساڵی (989) من لەلایەن ناوچەی سلێمانی پارتیەوە بەتایبەت شەهید دکتۆر عەلی و کاک فازیل بە ئاگاداری کاک ئاکۆ چاوشین و کاک شەماڵ عەلی نێردرامەوە ناو شاری سلێمانی بۆ بەسەرکردنەوە و گرێدانەوەی خەتە نهێنیەکان بە ناوچەوە بە گەیشتنەوەم بۆ ناو شار بەهۆی خیانەتی یەکێک لە ئەندامانی پارتی لەماڵی خۆماندا کاتژمێر (11) ی شەو لە لایەن مەفرەزەی ئەمنەوە گیرام، ئەو ژورەی کە لە ئەمنی سلێمانی تێی چوم مامۆستا (کاوە ئەحمەد میرزا) ی لێبوو لە مامۆستا کاوەم پرسی مامۆستا بەڕێزت لە نواندنێکدا بەشداریت کردووە قسەیەکی ناشیرینی تێدا ئەکرێ ئەوە چۆنە و بۆ وایە پێی وتم وانیە قسەکە ئەڵێ بیانجنن بەڵام بە هۆی ناتەواوی دەنگ و تەکنیکەوە وا دێتە بەر گوێ، مەبەستمە بڵێم ئەم قسە و باسانە وایکرد مامۆستا کاوە پێم بڵێ ئەزانی

مامستا دڵشاد مەریوانیش لێرە گیراوە لەو کاتەوە بەردەوام سەرم نابوو بە شیشی کونی دەگاکەوە و چاوەڕوان بوم بۆ جارێکی تر مامۆستا خۆشەویستەکەم ببینمەوە لەو جێگایەدا کە مرۆڤ بە هەموو جیاوازی بیر و بۆچونەوە خۆشەویستی یەکتر بون بەڵام بەداخەوە زۆرم دی ئەبران بۆ لێدان و ئەهێنرانەوە مامۆستاکەی خۆمم تیا بەدی نەکردن.

* ژمارەی لاپەڕەکەم لە بیر نەماوە

بەریتانیا 28-8-2006